سەيد حەكيم: عێراق لەڕووى ئابوورى زيانى بەركەوتوە بەهۆى پەرەسەندنى دۆخى ناوچەكە و سەقامگيريش داواكارى هەمووانە



بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت لە نووسينگەى خۆى لە بەغدا پێشوازى لە بەڕێز ئەحمەد خەفاجە بال□يۆزى ميسر لە بەغدا كرد و لەم ديدارە باس لە پەيوەندى دوو قۆڵى هەردوو ولات و ڕكا بەرييەكانى ڕووبەڕووى ناوچەكە بووەتەوە كرا لەگەل ئەو ڕكا بەريانەى لەم قۆناغە ڕووبەڕووى عێراق بووەتەوە.

سەماحەتى گرنگى دەولەتێكى وەك ميسرى لە سيستەمى عەرەبى و ئيسلامى دووپات كردەوە لەبەر ئەوەى كەلتوور و رۆشەنبيرى هەيە و داواى كرد خاڵە هاوبەشەكانى هەردوو ولات بقۆسترێنەوە بۆ ئەوەى خزمەتى هەردوو ولات و بەرژەوەندييە هاوبەش و دۆسێيەكانى هەردوو وڵات بكات، جەختيشى كردەوە لەسەر سوود وەرگرتن لە ئەزموونى ميسر لە دووبارە ئاوەدان كردنەوە و بنياتنان.

سەماحەتى حەكيم جەختى لە پێويستى گەڕاندنەوەى سەقامگيرى لە ناوچەكە و وەستاندنى پەرەسەندن و گۆڕينى بە گفتوگۆ و لێكتێگەيشتن كردەوە، هەروەها ئاماژەى بە زيانەكانى عێراق كرد كە لە ئەنجامى ئەم هەڵكشانە پێى كەوتوە، لە ڕووى دابەزينى بەرهەمهێنان و هەناردەكردنى نەوتەوە، هەروەها ئاماژەى بە گرنگى هەمەچەشنكردنى ئابوورى و هەمەچەشنكردنى هەناردەكردنى نەوت كرد لە ڕێگەى هەردوو دەرياى سوور و دەرياى ناوەڕاستەوە.

لەكۆتايدا سەيد حەكيم ئاماژەى بە گرنگى سنووردار كردنى چەك بۆ دەوڵەت بەگوێرەى كات و ميكانيزمى عێراقى كرد، بەو پێيەى مەلەفەكە داواكارييەكى عێراقييە و ڕاستييەكى دەستوورييە، ستايشى ئەو هەوڵ و قوربانيدانانەى كرد كە لە ڕووبەڕووبوونەوەى تيرۆر و گەڕاندنەوەى خاك و دەوڵەتدا دراون...